Kurdistan Region

Council of Ministers

The Supreme Council for Investment

هەرێمی کوردستان

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران

ئەنجومەنی باڵای وەبەرهێنان

No. :

Date : / / 200

ژمارە: ٤٥

ڕێکەوت: ٢١/٨/٢٠٠٨

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران – سکرتاریەت – ئەنجومەنی باڵای وەبەرهێنان


## بڕیـــــار

پاڵپشت بە یاسای وەبەرهێنانی ژمارە(٤)ی ساڵی (٢٠٠٦)و دوابەدوای بڕیاری ئەنجومەنی باڵای وەبەرهێنان ژمارە (٣٦) لە (٦/٥/٢٠٠٨) تایبەت بە تەرخانکردنی بڕی (١٠٠) ملیۆن دۆلار بۆ سندوقی نیشتەجێ کردن، بڕیارماندا بە:-

یەکەم: پەسەندکردن و جێبەجێ کردنی پرۆژەی کەمکردنەوەی قەیرانی نیشتەجێ کردنی پێشکەش کراو لەلایەن دەستەی وەبەرهێنانەوە.

دووەم: خەرجکردنی دابینکراو بۆ ئەو پرۆژەیە لەسەر ئەم بنەمایانەی خوارەوە دەبێت:-

١- سوودمەندانی ئەو پرۆژەیە تەنها ئەو هاووڵاتیانە دەبن کە یەکەی نیشتەجێبوون لەناو کۆمەڵگا نیشتەجێیەکاندا دەکڕن و ئەو پرۆژانە پێویستە مۆڵەتی دەستەی وەبەرهێنانیان هەبێت.

٢- تەنها کڕیاری ئەو یەکە نیشتەجێیانە دەتوانن قەرز لە سندوقی نیشتەجێبوون وەربگرن کە تێچوونەکەی لە بڕی (٥٠٠٠٠) پەنجا هەزار دۆلار تێپەڕنەبێت.

٣- کەمترین ڕووبەری ڕێگەپێدراو بۆ یەکەی نیشتەجێبوون لە حاڵەتی خانوودا (٨٠ م٢)یە، بۆ یەکەی ئەپارتمان (٦٥ م٢) دەبێت.

٤- هەموو خزمەتگوزاریەکانی پرۆژەکە لە شەقام و شۆستەو ڕاکێشانی ئاو و ئاوەڕۆ و هێڵی کارەبا لەسەر وەبەرهێنەر دەبێت.

سێیەم: ئالیەتی خەرج کردنی قەرز:

١- هەر هاووڵاتیەك دەتوانێت هەتا ڕێژەی (٣٠٪)ی بڕی تێچووی یەکە نیشتەجێکە وەربگرێت.

٢- خەرج کردنی قەرزەکە بەکەفالەتی فەرمانبەرێك دەبێت کە مووچەکەی بە لایەنی کەم قیستی مانگانەی قەرزەکە دابپۆشێت.

No. :
Date : / / 200

ژمارە : ٤٥
ڕێکەوت : ٢١/ ٨/ ٢٠٠٨

٣- ئەو یەکە نیشتەجێیەی قەرزی لەسەر وەردەگیرێت دەبێت بەبارمتەی ئەو بانکەی قەرزەکە ئەدات و هێمای مامەڵە نەکردنی لەلایەن ئەو بانکەوە لەسەر دائەنرێت لەسەر داوای دەستەی وەبەرهێنان و ئەو هێمایە هەڵناگیرێت تاکو کۆتایی دانەوەی قەرزەکە.

٤- ئەگەر قەرزدارەکە بۆ ماوەی (٥) پێنج مانگ قیستەکانی نەدایەوە و کەفیلەکەی ئەرکی خۆی بەجێ نەهێنا ئەوا ئەو یەکەیە لەلایەن بانکی خانووبەرەوە دەفرۆشرێت بەپێی ئەو گرێبەستەی لە نێوان سوودمەندو بانکی خانووبەرەدا واژوو دەکرێت.

٥- پێویستە وەبەرهێنەر ڕێژەی (١٠%)ی لە دروستکردنی یەکە نیشتەجێیەکە دروستکردبێت، وە کڕیار یەکەکەی بۆ کڕین لای وەبەرهێنەر تۆمار کردبێت و ڕاپۆرتی لیژنەی سەرپەرشتیارو پشتگیری دەستەی وەبەرهێنان وەدەست بهێنێت، ئەو کات کڕیارەکە بۆی هەیە داوای بەشێك لە قەرزەکە بکات.

٦- قەرزەکە بەسێ وەجبەی یەکسان دەدرێت، وەجبەی یەکەم دوای تەواوکردنی (١٠%)ی پرۆژەکە، وە وەجبەی دووەم دوای تەواوکردنی (٥٠%)ی پرۆژەکە، وە وەجبەی سێهەم دوای تەواوکردنی هەموو پرۆژەکە دەبێت.

٧- وەجبەکانی قەرزەکە بەپشت بەستن بەکۆنووسی لیژنەی کەشفی بانکی خانووبەرەو نیشتەجێکردن کە نوێنەری دەستەی وەبەرهێنانی تێدایە خەرج دەکرێت.

٨- دانەوەی قیستەکان لەدوای پێدانی یەکەم وەجبەی قەرزەکە دەست پێدەکات.

٩- ئەگەر ئەو قەرزە لەلایەن سوودمەند بۆ ماوەی (٥) ساڵ وەربگیرێت ئەوا ڕێژەی (٢%) وەك قازانج دەخرێتە سەر گۆژمەکە، وە ئەگەر بۆ ماوەی (١٠) ساڵ بوو ئەوا ڕێژەی (٣%)ی وەك قازانج دەخرێتە سەر.

چوارەم: بۆ سوودمەندبوونی هاووڵاتیان لەم یەکانە ڕەچاوی ئەم مەرجانە دەکرێت:-

١- نەخۆی، نەخێزانی، نە منداڵی ناکامی، یەکەی نیشتەجێی بەناوەوە نەبێت.

٢- پێشتر سوودمەند نەبووبێت لە قەرزی خانووبەرە و زەوی و خانووی میری.

٣- مەرج نیە سوودمەند خێزاندار بێت.

**Kurdistan Region**

**Council of Ministers**

**The Supreme Council for Investment**

**هەرێمی کوردستان**

**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**

**ئەنجومەنی باڵای وەبەرهێنان**

No. :

Date : / / 200

ژمارە: ٤٥

ڕێکەوت: ٢١ / ٨ / ٢٠٠٨

سکرتاریەت

بەمەبەستی پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری زیاتر بەو گروپانەی خوارەوە، ڕێژەی قەرزەکە بەرزدەکرێتەوە تا دەگاتە (٤٠٪)ی نرخی یەکەکان بەهەمان ڕێژەی قازانجی دیاریکراو لە (خاڵی سێیەم، بڕگەی ٩)ی ئەم بڕیارە:

- ئەو گەنجانەی تەمەنیان لەخوار (٣٠) ساڵەوەیە.
- ئەو کچانەی تەمەنیان لەسەروو (٤٥) ساڵەوەیەو پرۆسەی هاوسەرگیرییان ئەنجام نەداوە.
- کەم ئەندامان.
- واریسی شەهیدانو ئەنفال کراوان.
- ئەو خێزانانەی کە دایك سەرپەرشتییان دەکاتو باوکیان لە ژیاندا نەماوە.
- ئەو پرۆژانەی لەناو قەزاو ناحیەکاندا جێبەجێدەکرێن.

**پێنجەم:** پێویستە لایەنە پەیوەندیدارەکان ئاسانکاری تەواو بکەن بۆ جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە.

**شەشەم:** ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێدەکرێت.

**نێچیرڤان بارزانی**

**سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای وەبەرهێنان**

وێنەیەك بۆ :

- بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای وەبەرهێنان- لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێزان ئەندامانی ئەنجوومەنی باڵای وەبەرهێنان.
- سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران/ سەرۆکایەتی دیوان- لەگەڵ ڕێزدا.
- گشت وەزارەتەکان- بۆ ئەنجامدانی کاری پێویست بە پێ ی پەیوەندی.
- دەستەی وەبەرهێنان/ بۆ جێ بەجێ کردنی کاری پێویست لەگەڵ ڕێزدا.
- سکرتاریەتی ئەنجوومەنی باڵا/ لەگەڵ بەرابیەکان.

Kurdistan Region
Council of Ministers
Supreme Council for Investment

هەرێمی کوردستان
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
ئەنجومەنی بالای وەبەرهێنان

No: 191
Date: 15/9/2014

ژمارە: ١٩١
ڕێکەوت: ٢٤/ ئاگاوتر/ ٢٧١٤ ی کوردی

## بـــــڕیار

پاڵپشت بە یاسای وەبەرهێنان ژمارە ٤ ی ساڵی ٢٠٠٦ و ئاماژە بە کۆبوونەوەی بیست و دووەمی ئەنجوومەنی باڵای وەبەرهێنان لە ڕۆژی ( ١) ی ئەیلولی ساڵی (٢٠١٤ سەبارەت بە داواکاری یەکێتی وەبەرهێنانی کوردستان ژمارە (٣٦ لە ٢٠١٤/٥/١٨) کە تایبەتە بە ڕوونکردنەوە لە بارەی بڕیاری ژمارە (٤٦ لە ٢٠٠٨/١١/٥) ی ئەنجوومەنی باڵای وەبەرهێنان کە داوا دەکەن مەرجی سوودمەند بوون لە قەرزی صندووقی نیشتەجێبوون نەمێنێت بۆ ئەو کەسانەی لەناوەندی پارێزگاکان سوودمەند نین بەڵام لە قەزاو ناحیەکان سوومەندن هەژمارە نەکرێن ، بڕیارمان دا:

یەکەم: وەزارەتی دارایی لەگەڵ یەکێتی وەبەرهێنەرانی کوردستان کۆ ببنەوە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو بڕیارە و دارشتنی چەند پێشنیارێك بۆ چۆنێتی جێبەجێکردنی.

دووەم: پێویستە لایەنە پێوەندیدارەکان ئەم بڕیارە لە ڕۆژەی دەرچوونیەوە جێبەجێ بکەن.

نێچیرڤان بارزانی
سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای وەبەرهێنان

Kurdistan Region - Erbil
Phone : +964 (066) 2220210 - 2230247 - 2230248
E- mail: cm@krg.org
هەرێمی کوردستان - هەولێر
تەلەفون : ٢٢٢٠٢١٠ - ٢٢٣٠٢٤٧ - ٢٢٣٠٢٤٨ (٠٦٦) ٩٦٤+

Kurdistan Region

Council of Ministers

The Supreme Council for Investment

هەرێمی کوردستان

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران

ئەنجومەنی باڵای وەبەرهێنان

No. : 

Date : / / 200

ژمـارە : ٤٦

ریکەوت : ٥ / ١١ / ٢٠٠٨

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران — سکرتاریەت — ئەنجومەنی باڵای وەبەرهێنان

## بـــڕیـار

ئاماژە بە کۆبوونەوەی نۆیەمی ئەنجوومەنی باڵای وەبەرهێنان لە ڕۆژی ٢٢ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٨ بڕیارماندا بە:

پێداچوونەوە بە بڕیاری ژمارە-٤٥- لە ٢٠٠٨/٨/٢١ی ئەنجوومەنی باڵای وەبەرهێنان تایبەت بە سیستەمی (سندووقی نیشتەجێکردن) هەموارکردنی بەم شێوەیەی خوارەوە :

**یەکەم :** بەرزکردنەوەی ڕێژەی پێدانی قەرز بۆ (٥٠٪)ی نرخی یەکەکان بۆ ئەو گرووپانەی کە لە بڕیاری سەرەوە بڕی (٤٠٪) شموولیان دەکات.

**دووەم :** بۆ دانیشتوانی قەزا و ناحیەکان مەرجی سوودمەندنەبوون لە وەرگرتنی زەوی هەڵ بگیرێت و تەنیا مەرجی سوودمەندنەبوون لە خانووبەرە یا پێشینەی خانووبەرە بمێنێتەوە.

**سێیەم :** گۆڕینی دەستەواژەی قازانج لە هەموو بڕگەکانی بڕیارەکەدا بە خەرجی ئیداری و سەرپەرشتیاری.

**چوارەم :** ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونییەوە جێبەجێ دەکرێت.

**نێچیرڤان بارزانی**

**سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای وەبەرهێنان**

وێنەیەك بۆ :

- بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای وەبەرهێنان- لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێزان ئەندامانی ئەنجوومەنی باڵای وەبەرهێنان.
- سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران/ سەرۆکایەتی دیوان- لەگەڵ ڕێزدا.
- دەستەی وەبەرهێنان/ بۆ جێ بەجێ کردنی کاری پێویست لەگەڵ ڕێزدا.
- سکرتاریەتی ئەنجوومەنی باڵا/ لەگەڵ بەراییەکان.